گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/cejbq489

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 10/07/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 16/09/2025
ڕێـكـەوتی بڵاو كردنەوە: 20/06/2026

# ڕەنگدانەوەی ئەندێشەی خەیامی لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا (١٩٢٠ – ١٩٧٠)

کاروان سلیم قیطران ١ ڕزگار عبدالله احمد ٢

Karwan.saleem@uor.edu.krd Rizgar.abdullah@uor.edu.krd

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

٢- بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ ،زانکۆی ڕاپەڕین ، ڕانیە ، هەرێمی کوردستان ،عێراق.

**پوختە:**

مەیدانی ئەندێشەی خەیام زۆر فراوانە و ئەگەر بمانەوێت مەودا و سنوری ئەو فراوانییە دیاریبکەین، دەبێت بزانین کە ئەندێشەی خەیام پەیوەستە بە ئەندێشەی مرۆڤایەتییەوە و هاوبەشە لەگەڵیدا لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە و تایبەت نییە بەشار و وڵاتێک. ئەو بوێژ و شاعیرانەی کە بە ڕوناکی و وزەی گەورەترەوە دێنە ناو ئەو مەیدانە، کەمن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا کاریگەرن. دوای وەرگێڕانەکەی (فیتزجرالد) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، نێوبانگی جیهانیی خەیام گەیشتە لوتکە و جوان و پوخت گوتنەکەی قەرەبوی کەم گوتنەکەی کردەوە. پەیوەندی ئەوەی کە لە چوارینەکانی خەیامدایە و ئەوەی کە هەمیشە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی جێی پرسیار و تێڕامان بوە، خەیامی کردە کەسێکی جیهانی و ناسراو لەدنیادا. ئەگەر هاوبەشیی کەلتوریی و زمانیش بۆ ئەو بنیادە هاوبەشە زیاد بکەین، تێدەگەین کە ناکرێت نکوڵی لە کاریگەری ئەندێشە جۆراوجۆرەکانی خەیام بکەین لەچوارینەکانیدا بەسەر هاوسێ زمانییەکەی کە کوردییە.

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ئەندێشەی خەیامی لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا(١٩٢٠ – ١٩٧٠))یە، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بەشێوازی وەسفی شیکاریی و بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی ئەنجامدراوە. هەوڵدراوە بەراوردی ئەو چوارینانەی خەیام بکرێت، کە کاریگەریان خستۆتە سەر هەندێک لە شیعری شاعیرانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستی ماوەی ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٧٠)، کاریگەریی ئەندێشە دیار و باوەکانی خەیام بەسەرشیعری شاعیرانی کوردی ئەم ماوەیە بە بەڵگەی شیعریی بخرێتەڕو

دیارترین ئەنجامی بەدەستهاتو ئەوەیە، کە دەتوانرێت بگوترێت بەشێک لە شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی کاریگەریی خەیامیان کوێرانە نەکەوتۆتە سەر، بەڵکو بەزۆریی بۆ مەبەستی دیکە خواستویانە و هەندێک جار لەدەقە کارتێکەرەکە جوانتر گوزارشتیان لێکردوە لەشیعرەکانیاندا.

کلیلە وشەکان: ئەندێشەی خەیامی، چوارینەکانی خەیام، بەراوردی ئەدەبی، شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاست. قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی.

# “Manifestation of Khayyam's Meditation in Central Kurmanji Kurdish Poetry (1920–1970)”

**Karwan saleem qaitaran[1] Rizgar Abdulla ahmed[2]**

1-Kurdsh Department, college of Education of Qaladze, Raparin University, Ranye City, Kurdistan Regional Government, Iraq.

2-Kurdsh Department, college of Education of Qaladze, Raparin University, Ranye City, Kurdistan Regional Government, Iraq.

## Abstract

Khayyam’s philosophy is extensive and profound, any attempt to define its boundaries is inadequate. Since, it is universal and it cannot be associated to a single nation or country. The poets who enter this field with distinctive ability are few but inspiring. Khayyam’s international fame reached its peak after Edward FitzGerald’s translation of his quatrains in the late nineteenth century. Besides, the universal themes of his quatrains brought him worldwide recognition, and his aesthetic ability compensated his brevity. One cannot overlook Khayyam’s impact on his neighboring Kurdish poets due to geographical and linguistic affinity.

This research is titled, “Khayyam’s Philosophy as Depicted in the Middle Kurmanji Kurdish Poetry (1920-1970)”. It is a comparative investigation utilizing descriptive-analytical methodology, based on the principles of the French school of comparative literature. The study compares Khayyam’s selected quatrains that influenced certain poems of middle Kurmanji Kurdish poets during the years 1920 and 1970. It aims is to reveal Khayyam’s influence on these poets through analyzing the poetic instances. One of the notable conclusions of the research is that, Khayyam’s influence on some of these Kurdish poets was not random rather it was intentional adopted for certain purposes. At times, they even artistically recreated and enhanced Khayyam’s ideas in their poems.

Keywords: Khayyam’s Philosophy, Khayyam’s Quatrains, Comparative Literature, Middle Kurmanji Kurdish Poetry, The French School of Comparative Literature

## پێشەکی:

باسکردنی خەیام و چوارینەکانی شتێکی تازە نییە چ لە ئەدەبیاتی فارسیدا و چ لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، بەڵام ئەوەی هەمیشە خەیام و ئەندێشەکەی بەتازەیی دەهێڵێتەوە ئەو مشتومڕە نەبڕاوەیە، کە دەربارەی دید و جیهانبینیە ئەدەبییەکەی لە چوارینەکانیدا هەیە، هەندێک دەڵێن: خەیام عارفێکی گەورەیە، بەڵام هەندێکی دیکە بەپێچەوانەوە بە کەسێکی بێ دین و لادینی دەزانن، ئەمەشیان بێگومان پەیوەستە بەو ئەندێشەیەی کە پشتئەستورە بە فەلسەفەیەکی

قوڵ لە چوارینەکانیدا. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵدەدات باسی ڕەنگدانەوەی ئەم ئەندێشەیە و کاریگەرییەکانی بکات لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاست لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٧٠)دا.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: (ڕەنگدانەوەی ئەندێشەی خەیامی لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا (١٩٢٠ – ١٩٧٠)دا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** دەرخستنی کەسایەتی ئەدەبی خەیام بەو شێوەیەی کە ناوی دێت لەگەڵ ئەو شێوەیەی کە کاریگەریی لێوەردەگیرێت لە شیعری کوردی ئەو ماوەیەدا (١٩٢٠ – ١٩٧٠)، هەروەها زیاتر بەدواداچون بۆ درەنگ هاتنەناوەوەی خەیام بۆ ناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی وەکو هۆکاری کاریگەریی ئەندێشەی خەیامی، چۆنییەتی و چەندیەتی وەرگرتنی ئەندێشەی خەیامیی لە شیعری کوردی ئەو ماوەیە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بو بۆ توێژینەوە.

**کێشە و گیروگرفت و پرسیاری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە هەوڵدەدات هەندێک کێشە و گیروگرفتی پەیوەست بە بابەتەکەوە چارەسەربکات، ئەمەش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە: تا چەند لە شیعری شاعیرانی کوردی ئەم قۆناغەدا شوێنەواری ئەم کاریگەرییە بەدەرکەوتوە؟ دەکرێت بەرهەمی شیعری شاعیرانی ئەم قۆناغەی کرمانجی ناوەڕاست وەکو کانگایەکی بەپیتی ئەندێشەی خەیامی لێیان بڕوانرێت؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕو، کە تا چەند شاعیرانی کوردی کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەندێشەی خەیامی و لە شیعرەکانی خۆیاندا بە چ شێوازێک دوبارە بەرجەستەیان کردوەتەوە؟ لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوە دەخرێتەڕو و ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە شیعری شاعیرانی کوردی بە چ شێوەیەک کەوتونەتە ژێر کاریگەری بیر و ئەندێشەی خەیامی، هەروەها ئەوەش دەخرێتە بەر باس، کە ئایا بەرهەمی شیعری ئەم قۆناغە لێوانلێوە لە ئەندیشەی خەیامی دەقاودەق، یان لە ڕوانگە و گۆشەنیگای شاعیرانی کوردەوە دارێژراوەتەوە و بە شێواز و سەلیقەیەکی کوردانە و بە مەبەستێکی جیاوازتر خراوەتەڕو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە بۆچی خەیام وئەندێشەکەی دەمێکە بە ئەدەبیاتی هەمو جیهاندا بڵاوبۆتەوە، بەڵام ئاوا درەنگ لەچاو شاعیرانی تری فارس هاتۆتە ناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە؟ کام ئەندێشەیە زیاتر لە شیعری کوردی ئەو ماوەیە ڕەنگیداوەتەوە؟ شاعیرانی قۆناغی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست تا چەند لاسایی ئەم ئەندێشانە یان کردۆتەوە؟ بۆ چ مەبەستێک ئەندێشەی خەیامییان وەرگرتوە؟ چ پەیامێکیان پێ دەربڕیوە؟ داهێنان و دەستڕەنگینی خۆیان تێدا بەکارهێناوە؟ توێژینەوەکە ئامانجییەتی بەبەراوردکردنی چوارینەکانی خەیام و شیعری هەندێک لە شاعیرانی ئەو قۆناغە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە و وردەکاریی زیاتر بخاتەڕو لەم بارەیەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بەشێوازی وەسفی شیکاریی و بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی ئەنجامدراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری تویژینەوەکەمان بەپێی جوگرافیای شیعری کوردیی (کرمانجی ناوەڕاست) و بەپێی کاتی نوسینی شیعری کوردیی لە نێوان (١٩٢٠ – ١٩٧٠)دایە.

**پرۆگرامی توێژینەوەکە:** بێجگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، لە بەشی یەکەمدا؛ بەشێوەیەکی تیۆری باس کراوە لە: (چەمک و پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاریی، ئەدەبی بەراوردکاریی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا)، هەوڵدراوە چەمک و پێناسە زانستی بەراوردی ئەدەبی و مێژوی سەرهەڵدانی لەناو ئەدەبی کوردیدا بەکورتی بخرێتەبەرباس، ئینجا لە تەوەری (کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی و دەرکەوتنی خەیام لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردییدا) هەوڵدراوە باسی کاریگەریی ئەدەبی فارسی بەسەر ئەدەبی کوردییەوە و دەرکەوتنی خەیام لە شیعری کوردی

ئەو ماوەیەدا باسبکرێت، لە بەشی دوەمیشدا، لە دو تەوەردا باسی (ئەندێشەی خەیامی، ئەندێشەی خەیامی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا(١٩٢٠ – ١٩٧٠) کراوە، لەگەڵ سەلماندنی ڕەنگدانەوە و کاریگەری بەشێک لەو ئەندێشانە بەنمونەی شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاست، دواتر بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە هێنراوە.

**١-١- چەمک و پێناسەی زانستی بەراوردی ئەدەبی:**

سەرەتاکانی بەکارهێنانی بەراوردی ئەدەبی وەکو زاراوەیەکی زانستی لە سەدەی نۆزدەیەم بو کاتێ (فرانسوا ڤیلمان) ڕەخنەگری بەناوبانگی فەرەنسی لە ساڵی 1827ز لە وانەکانیدا لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی بۆیەکەم جار ئاماژەی بۆ بەراوردی ئەدەبی کردوە و زاراوەکەی بەکارهێناوە (اسدللهی تجرق، ١٣٧٩، ٣١) زاراوەکە لە زمانی ئینگلیزیدا (Comparative Litterature)یە، لە زمانی فەرەنسیدا (Litterature Compara)ی بۆ بەکاردێت، لە ئەڵمانیدا بە (Vergleichenda Literure)هاتوە، لە عەرەبیدا (الادب المقارن) و لە فارسیدا (ادبیات تطبیقی) بەکارهاتوە و کوردیش ئەدەبی بەراوردکاری (گەردی، ١٩٧٨، ٥) و لەم دواییانەش (بەراوردی ئەدەبی) بۆ بەکارهێنراوە. ئەگەر بەراوردێکی زاراوەکانی ئەو زمانانە بکرێت، کە باسمان کردن، دەبینین، کە هەمویان یەک واتا و پێکهاتەن و بەپێی وشە فەرهەنگییەکانی زمانەکە زاراوەکەیان دروستکردوە (خەزنەدار، ٢٠٠٧، ١٤).

هەرچەندە پێناسەی زۆر و جیاواز بۆ زانستی بەراوردی ئەدەبی کراوە، چونکە قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی زۆرن، جگە لە قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی، کە کۆنترینیانە، قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی و سلاڤی و ئەڵمانی و هتد..، هەریەکێک لەم قوتابخانانە خاوەنی بنەما و تایبەتمەندی خۆیانن، کە جیاوازە لە ئەویتر، ئەمەش وایکردوە. کە پێناسەیەکی گشتگیری نەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی ڕونترین و گشتگیرترین پێناسە بۆ ئەم زانستە ئەو پێناسانەن، کە دەلالەت لە قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی دەکەن، هەروەها توێژینەوەکەشمان هەر لە چوارچێوەی بنەماکانی ئەم قوتابخانەیەیە، بۆیە لێرەدا هەندێک لەم پێناسانە دەخەینەڕو:

(ژان ماری کاری) بەراوردکاری دیاری فەرەنسی دەڵێت: "بەراوردی ئەدەبی لقێکی زانستی ئەدەبە، کە بەدوای پەیوەندیی بەرهەمی ئەدەبی و نوسەرانی نەتەوە جیاوازەکاندا دەگەڕێت و سەرچاوەی سروش و ئیلهامیان دەردەخات"(گۆیارد، ١٩٥٦، ١)

(ماریۆس فرانسوا گۆیارد) لە پێناسەی بەراوردی ئەدەبیدا دەڵێت: "ئەدەبی بەراورد مێژوی پەیوەندی ئەدەبی میللەتانە، لێکۆڵەری بەراوردی ئەدەبی کارتێکردن و کاریگەرییە فکریی و کلتورییەکانی ئەدەبی دو نەتەوە یان زیاتر دەردەخات و لێیان دەکۆڵێتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازیی زمانی ئەدەبی ئەو میللەتانە"(گۆیارد، ١٩٥٦، ٥) ئەم پێناسەیەی گۆیارد دەکرێت بوترێت، کە ڕونترین پێناسەیە بۆ قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی، چونکە هەمو بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەکە لەخۆیدەگرێت، لەوانە: مێژوی پەیوەندی ئەدەبی میللەتان، کاریگەریی و کارتێکرانی ئەدەبی بەراوردکراوی میللەتان، جیاوازی زمانی ئەدەبی میللەتانی بەراوردکار.

(هنری ریمارك) دەڵێت: "بەراوردی ئەدەبی وا لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب دەکات لە سنوری تایبەتی دەوڵەتێکی دیاریکراودا نەوەستێت و بەشێوەیەکی وابێت، کە بریتی بێت لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و لایەنەکانی دیکەی زانیاریی وەکو هونەرەجوانەکان و فەلسە و مێژو و زانستە کۆمەڵایەتی و تاقیکردنەوەیی و ئایینەکان"(شوان، ٢٠١٤، ١٦-١٧).

(محمد غنیمی هیلال)یش یەکێکە لە توێژەرانی ئەم بوارە، کە لەبارەی پێناسەی بەراوردی ئەدەبییەوە دەڵێت: بەراوردی ئەدەبی دەلالەت و تێگەیشتنی مێژویی پێویستە، بابەتی لێکۆڵینەوە لەم زانستەدا بریتییە لە بەیەکگەیشتنی دو ئەدەبی

زمان جیاواز، دۆزینەوەی پەیوەندیە ئاڵۆز و کەمەکانی ئەدەب لە ڕابردو و ئیستا و بەشێوەی گشتی و خستنەڕوی ڕۆڵی ئەو پەیوەندییە مێژوییانە کە لە کاریگەریی و کارتێکراندا هەیانبوە، چ لە لایەنی تەکنیکی قوتابخانە ئەدەبییەکان چ لە لایەنی ناوەڕۆک و فکریی. (غنیمی هیلال، ١٣٧٣، ٥١)

پشت ئەستور بەم پێناسانە و پێودانگەکانی قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسی دەکرێت بوترێت، کە ئەدەبی بەراورد دەرخستنی پێوەندی مێژویی دو لایەنەی کارتێکردن و کارتێکرانی دو ئەدەبی دو میللەتی زمان جیاوازە، کە بوەتە هۆی لێکچون لە چەند لایەنێکەوە و ئەو لێکچون و کارتێککردنەش بە بەڵگە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**١-٢- بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا:**

لەبەرئەوەی کورد بەدرێژایی مێژو ژێردەستەی میللەتانی دەرودراوسێ بوە، ئەو میللەتانە وەکو میللەتی سەردەستە ڕۆشنبیریی و کەلتور و ئەدەبیاتی خۆیان بەسەردا سەپاندوە، بۆیە ((لە دێر زەمانەوە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی کاریگەرییان بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هەبوە و لە سەردەمی نوێش کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی بە پلەی دوەم دێت)) (شوان، ٢٠١٤، ١٢١). ئەم کاریگەرییەش لەچوارچێوەی زانستی ئەدەبی بەراوردکاریدا بە توێژینەوەی زانستی سەلماوە، بەتایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردو چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری کران و تاکو سەرەتای نەوەدەکان. دوای ڕاپەڕینیش چەندان لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی لەچوارچێوەی نامەی ماستەر و دکتۆرا ئەنجامدران و ڕۆژ بە ڕۆژ تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بونە جێگەی بایەخ و گرنگی زانکۆکانی کوردستان، بەتایبەتی باشوری کوردستان، زۆربەشیان پەیڕەوییان لە قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسی دەکرد.

بابەتی کارتێکردن و کارتێکران و پەیوەندی مێژویی و زمانی جیاواز دەقی ئەدەبی بەراوردکراو، کە خاڵی سەرەکی و جیاکەرەوەی قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسییە، دەبن بە بنەمای سەرەکی و گرنگ بۆ توێژینەوەکەمان و لەسەر ئەو بنەمایانە هەوڵدراوە، کە بە بەڵگەی شیعری بەراوردی ئەو دەقانە بکرێن، کە کاریگەریی ئەندێشەی خەیامیان کەوتۆتە سەر، لەگەڵ دەستنیشانکردنی خاڵی کاریگەرییەکە.

**١-٣- کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی و دەرکەوتنی خەیام لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردییدا:**

کاریگەریی شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بەسەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە پێشینەیەکی دێرینی هەیە و گەورە شاعیرانی فارسی وەکو (حافز و سەعدی و مەولانا و...) کاریگەرییان خستۆتە سەر شاعیرە گەورەکانی کوردی وەکو (مەلای جزیریی و نالی و مەحوی و ناری و موخلیس و...)، ئەمەش بێگومان شتێکی ئاساییە، چونکە (کۆمەڵێ لەو شاعیرە کوردانە ئەدەبیاتیان بە زمانی فارسی نوسیوە و وازیان لە زمانی دایکیان هێناوە، یاخود لەگەڵ شیعری کوردی شیعری فارسیشیان نوسیوە) (شوان، ٢٠١٥، ١٣٠)، هەروەها (ئەدەبیاتی فارسی بەگشتی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی (خیام، سەعدی، حافز، مەولانای ڕۆمی و گەنجەیی ... هتد) لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان خوێندراون و ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی پەیدا کردوە) (هەمان سەرچاوە). جگە لەو خزمایەتییەی لەنێوان زمانی کوردیی و زمانی فارسیدا هەیە و سەربە خێزانی هیندۆئێرانی و بنەماڵەی هیندوئەورووپین و هۆکارگەلێکی دیکەی وەکو (ئاینی ئیسلام و خوێندن و بازرگانیی و گەشتوگوزار و سەفەر و بارودۆخی سیاسی وهتد..).

ئەو کاریگەریی و کارتێکردنانەی کە باسمان کردن بەلایەک و کاریگەریی خەیام و ئەندیشەکەی بەسەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە بەلایەکی دیکەوە.

سەرەڕای ئەو لێک نزیکیە زمانیی و کلتوریی و ئەدەبییەی لەنێوان ئێمە و فارس هەیە، بەڵام خەیام و ئەندێشەکەی و ڕەنگدانەوەی درەنگ بەرچاوەدەکەوێت لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا و (سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردو چوارینەکانی خەیام وەرگێردرانە سەر زمانی کوردی و درەنگتر لە (زمانی تورکی و عەرەبی و ئوردو و ئەرمەنی و...تاد) هەتا درەنگتر لە

زمانە ئەوروپییەکانیش، کەچی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هەرە نزیکەکان لە فارسییەوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترس و ترسنۆکییەی شاعیرە پیشینەکانی کورد، ئەگەرچی فارسییان باش زانیوە و کاریگەرییان لێوەرگرتوە و هەتا بەرهەمیشیان پێ داناوە، بەڵام لەئەنجامی بڵاوبونەوەی ناوەڕۆکە دژە شەریعەتییەکەی کە هەڵبەتە بەهۆی چوارینە نارەسەنەکانی و تێگەیشتنی باوەوەبوە و ئەو شاعیرانەش هەمویان، یان زۆربەیان مەلای سونی مەزهەب و پیری تەریقەت و ئەهلی تەسەوف بون(زەنگابادی: ٢٠١٣، ٨٤)

بەڵام لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی ئەم قۆناغە ئەم ترسە بەتەواوەتی ڕەویوەتەوە و نەماوە، بەجۆرێک ئەو ترسەی بۆشاعیرانی کلاسیک دروستبوە بەشێکی بەهۆی ئەو چوارینانەوەبوە کە دراونە پاڵ خەیام و چوارینە ڕەسەنەکانی خۆی نەبون، بەڵام لە شیعر و ئەدەبیاتی ئەم قۆناغەی کوردیدا زۆرجار بەلای شاعیرانەوە ڕەسەنی و نارەسەنی چوارینەکانیش گرنگ نەبوە، گرنگ ئەوەبوە تام و بۆنێکی خەیامی لێبێت، ئەوەتا (هەژار) لە پێشەکی وەرگێڕدراوی خەیامدا دەڵێت: (دەربارەی ئەوەی کە چەند چوارینە هی خەیامن و چەندیان هی ئەو نین بەلای منەوە گرنگ نییە، با پەنجا چوارینە بن، یان هەزار، گرنگ نییە بەلای منەوە کەسێک دوای خەیام بە شێواز و بیروباوەڕی خەیام چوارینەی نوسیبێت و نانی خۆیان لەسەر سفرەی مامۆستاکەیان خواردبێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو چوارینانە خەیامی نوسرابن)(هەژار: ٢٠٠٨، ٣)

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بۆ دیارترین وەرگێڕانەکانی چوارینەکانی خەیام بکەین بۆسەر زمانی کوردیی، کە بەشێوازێکی ئەدەبیی و لە قاڵبی شیعردا و خاڵی گرنگی هاتنە ناوەوەی خەیامیشە بۆ ناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، کە لەلایەن دیارترین شاعیرانی ئەم قۆناغەوە کراوە:

کامەران بەدرخان: (١٨٩٥ – ١٩٧٠): (١٠٤)چوارینە.

شێخ سەلام عازەبانی (١٨٩٢ – ١٩٥٩): (٢١٦) چوارینە.

شێخ نوری شێخ صاڵح(١٨٩٦ – ١٩٥٨): (٢٨) چوارینە.

عەبدوڵلا گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢): (٦١) چوارینە.

هەژار موکریانی (١٩٢٠ – ١٩٩١): (٢٥٠) چوارینە. (زەنگابادی: ٢٠١٣، ٨٤)

لێرەوە خەیام بەفراوانی لە شیعری کوردی ئەم قۆناغە، بەم شێوەیەی کە هەبوە باسی کراوە و کاریگەری خستۆتە سەر شاعیرانی ئەم قۆناغە. بەزۆریش ئەو ڕوەی شیعرەکانی خەیامییان وەرگرتوە کە هۆکاربوە بۆ باسنەکردنی لە قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی، ئەویش ڕو و دیدگا مەیگێڕیی و مەینۆشییەکەی بوە، بەڵام زیرەکانە بۆ بابەتی دیکە خواستویانە و پەیامی نوێ و سەردەمیانەی خۆیان پێ دەربڕیوە، ئەوەتا (دیلان) لە شیعری (ڕەز)دا دەڵێت:

ئای کێ بێ بانگ و هاوار و پەیام
بگەیەنێتە گوێی گۆڕی خەیام
بڵێ هەی سەرشێت، کوشتەی گڕی تەڕ
گەر تێتداماوە یەک تۆز نرخ و فەڕ
تۆ لەسەر باکەی شوشەکەی شکاند
لەگەڵ خودادا کردت بەزۆران
هەڵسە بەرەو ئەم ناوە هەڵتوتێ
نەک شوشە شکا
وا ڕەز ئەسوتێ (دیلان،٢٠١٣، ٢٧١)[i].

لێرەدا دیلان لەڕێگەی ئاماژەکردن و باسکردنی چوارینەیەکەوە کە دراوەتە پاڵ خەیام دەیەوێت پەیامە نەتەوایەتییەکانی خۆی بگەیەنێت[ii].

خەیام لە شیعری کوردی ئەم قۆناغەدا هەمیشە وەکو ڕەمزی مەی و مەینۆشیی باسی کراوە، ئەوەتا (هەژار) لە شیعری (بەرەوموکریان)دا کە شیعرەکە سەرتاپای نۆستالۆجیای تاڵ و شیرینی منداڵیی و گەنجی زادگای شاعیرە، لەباسی (کوچەی جولەکان)[iii] دەڵێت:

ڕو لە کۆڵانی جوان[iv] کەین نامە

لەهەموی هەر بیرەوەری خەیامە (هەژار،1385، ۲۰۲)

هەروەکو دیارە لەڕێگەی ناوهێنانی (خەیام)ەوە دەیەوێت باسی تایبەتمەندییەکی دیاری ئەو کۆڵانەی شاری مهاباد بکات، کە جێگە مەیخانە و مەیخواردنەوە بوە.

هەروەک (قانیع)یش بەهەمان شێوە و مەبەست لە شعری (سەربازی)دا ناوی خەیامی هێناوە و ئاماژەی بۆ مەیخۆرییەکەی کردوە وەکو تایبەتمەندییەکی باوی خەیام، هەروەکو لە دێڕێکدا دەڵێت:

هــەر شەوێ پارەم بیێ تەقلیدی سەد خەیام ئەکەم

هەر سەعاتێ مەی نەبو، بەرماڵ و شانە و تەیلەسان(قانیع، ۱۳۹۰، ۱۸۱)

ئەمە جگە لەو کاریگەرییە فراوانەی کە بە ئەندێشەی خەیامی بەناوبانگە، لە شیعری شاعیرانی ئەم قۆناغەدا بەرچاودەکەوێت و لە بەشە پراکتیکییەکەی ئەم توێژینەوەیەدا دەیخەینەڕو.

**۲-۱- ئەندێشەی خەیامی:**

ئەو بابەتە فەلسەفیی و فکرییانەی کە بەناوی ئەندێشەی خەیامی ناوبراون و بەناوی خەیامەوە ڕۆیشتون، بەمانای ئەوە نییە کە پێش خەیام هیچ شاعیرێک باسی نەکردوە، چونکە بابەتەکان پەیوەستن بە بیرکردنەوەی مرۆڤی ژیر و ئەهلی فەلسەفە، پێش خەیامیش لە شیعری چەندان شاعیر ڕەنگیان داوەتەوە و باسکراون، بۆنمونە لە شیعری ڕودەکی و فیردەوسی، بەڵام بۆچی بەناوی خەیامەوە ڕۆیشتون؟ چونکە هیچیان ئەوەندە هونەرمەندانە و ورد و فراوان باسی ئەو بابەتانەیان نەکردوە و ئەو بابەتانە زۆر فراوانتر و بەربڵاوتر لە چوارینەکانی خەیامدا هاتون و تەواو جێکەوتون و چەسپاون، خەیام زیاتر و بەشێوە و هۆکاری جیاواز دوبارەیکردونەوە، لە شوێنی جیاجیا لە چوارینەکانی جەختی لێکردونەوە، هەر بۆیەش کە بە ئەندێشەی خەیامی ناسراون.

هەڵبەت پایە و بنەڕەتی ئەندێشەی خەیامی بابەتی مەرگ و ژیانە، خەیام بۆ بابەتی بیرهێنانەوەی مەرگ هەمیشە پەنادەباتە بەر شت گەلێکی مادیی کە لەدەوروبەرمانن و پێمان دەڵێت: ئەمانە ببینە بۆئەوەی مەرگ و مردنت لەبیربێت بۆنمونە (گۆڕ ببینە، یان لە گۆزە وردببەوە و هتد...)، ئەوەش تەواو پەیوەستە بە فەلسەفەی (ئەرستۆ)، چونکە (ئەرستۆ) پێیوایە کە زانست لەدەرەوە و لەڕێگەی هەستکردن، وەکو دیتن وەردەگیرێت، ئەمەش پێچەوانەی فەلسەفەی (ئەفلاتون)ە، کە مەرگ و مردن بە بابەتێکی نامادیی(مەعنەوی) باسدەکات و دەڵێت: مەرگت لەبیربێت، چونکە بەبۆچونی (ئەفلاتون) زانست لە دەرون و ناخی مرۆڤدایە و پێویستە بدۆزرێتەوە(نیکوبخت، گاژا، رامون: ۱۳۸۸، ۱٤۳).

لەم نێوەندەشدا چەند پرسیار و گومان دەوروژێنێت، چەند ئامۆژگارییەکمان دەکات کە بابەتی مەرگ و ژیان و ئەو ئەندێشەیە وردتر و فراوانتر دەکات و ئەو بابەتە بەشێوازی جیاجیا دەبن بە ناوەڕۆکی چوارینەکانی و بە ئەندێشەی خەیامی ناسراون، لە نمونەی ئەو بابەتانەی خوارەوە:

**۲-۱-۱- سودوەرگرتن لە (ئێستا) و ئەو کاتەی تێیدا دەژیت:** خەیام چەندان جار، بەشێوازی جیاواز ئەم بابەتەی لە چوارینەکانیدا بەیانکردوە، دەیەوێت پێمان بڵێت کە تەمەن کورتە و زۆر خێرا تێدەپەڕێت، پێویستە سود لەم کەمە تەمەنە

وەربگرین و لە ئێستاماندا بژین و بەڕابردو و ئایندە تێکی نەدەین، ڕابردو و ئایندە دو بەشی لاوەکی ژیانن، ئەوەی سەرەکییە ئێستایە، بۆیە پێویستە بە بەشە لاوەکییەکانی ژیانمان کە ڕابردو و داهاتوە، بەشە سەرەکییەکەی کە ئێستا تێکنەدەین (محسنی هنجنی، ١٣٨٥، ١٠٧)، چونکە ڕابردو ڕۆیشتوە و ناگەڕێتەوە و جڵەوی لەدەستی ئێمەدا نەماوە، ئایندەش کەس نازانێت چی لە هەگبەدایە بۆ مرۆڤ و ناتوانێت پێشبینی تەواوی بۆ بکات، بۆیە ئەوەی کە دەتوانین کاریگەریی لەسەردابنێین و ڕۆڵمان هەبێت تێیدا ئێستای ژیانمانە. ئەوەشی لە چەندان چوارینەدا بە شێوەی جیاواز دوبارەکردوەتەوە.

**٢-١-٢- پرسیاری هاتنی مرۆڤ بۆ دنیا و ڕۆیشتنی لێی (لە کوێیوە هاتوە و بۆ کوێ دەچێت؟):** هەمو مرۆڤێک کە توانای بیرکردنەوەی پەیدادەبێت، هەندێک پرسیاری دەربارەی دروسبونی مرۆڤ بۆ دروست دەبێت، کە لە کوێیوە هاتوە؟ بۆچی هاتوە؟ بۆ کوێ دەچێت؟ و لەونێوەندەدات چەندان وردە پرسیاری دیکە دەربارەی دروستبون و نەمانی مرۆڤ، هەندێک وەڵامی ئەو پرسیارانە لە بیروباوەڕە ئاینییەکاندا دەدۆزرێتەوە، هەندێکی دیکە لە هەندێک بیروباوەڕی فەلسەفیدا، کۆنیش پێش ئاین و فەلسەفە، ئەفسانە و حکایەتە میللی و بیروباوەڕە میللییەکان وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دەدایەوە.

خەیام سەرسام و حەیران لە پانایی بون دەڕوانێت و وردەبێتەوە، ئەندێشەی سەرگەردانی خۆی لە چەند کورتە ڕستەیەکدا لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە و خەڵکی ناوی لێناون چوارینە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە هاواری گیانێکی خەمۆک و بێزارە، سەرگەردانیی ئەندێشەیەکی واقیع بینە کە کەوتۆتە چەند بازنەیەکەوە، بێهودە دەسوڕێنەوە، بەبەردەوامی لە بازنەیەکەوە بۆ بازنەیەکی دیکە دەچن، لە هیچیاندا ئارام ناگرێت. لێرەوە بیرمەندێک دەردەکەوێت کە بڕوای بە هیچ نییە لەم بارەوە، نە بیروبۆچونی فەلسەفی تینویەتی دەشکێنێت، نە بیروباوەڕی دروستکراوی مرۆڤایەتی. هێڵە سەرەکییەکانی سیمای خەیام ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دیاریدەکات. نرخ و ئەرزشی ئەو لەم جۆرە فکر و ئەندێشانەدایە کە لە دەرەوەی قاڵب و بیروباوەڕی گشتییە، بڵندی پایەی ئەو لە شک و گومانی ئەودایە، لە سەرسامی و حەیرانییەکەی دایە، ئەوەش بەمانای ئەوەدێت کە دەزانێت کە نازانێت، ئەوەش پلەوپایەیەکی گەورەیە بۆ مرۆڤی بیرمەند (دشتی: ١٣٧٧، ٣٠٢، ٣٢١)

ئەم ئەندێشە و بیرکردنەوەیە وەکو تەمێک بەسەر زۆربەی چوارینەکانییەوە دەبینرێت، لەهەندێک شوێن ئەم تەمە خەستدەبێتەوە، لەهەندێک شوێنیش تەنک و بێ نمود دەبێت، بەڵام هەر هەیە و هەستی پێدەکرێت.

**٢-١-٣- نەگەڕانەوەی مرۆڤ دوای مردن بۆ ژیانی دونیا:** بابەتی ئەوەی کە مرۆڤ لە دوای مردن ناگەڕێتەوە بۆ ژیان و دنیا، بابەتێکە لە پیش خەیامیش لە شیعر و ئەدەبیاتی دنیادا ڕەنگیداوەتەوە، بۆنمونە لە شیعری میسری کۆن، (گۆرانی چەنگ ژەن لە ئارامگای شای ئاتیف)، هەروەها داستانی (گلگامێش) و (ئیلیازە) و (ئۆدیسە) و چەندانی تر باسکراوە (نیکوبخت، گاژا، رامون، ١٣٨٨، ١٤٥). بەڵام ئەم ئەندێشەیە زیاتر بەناوی خەیامەوە ڕۆیشتوە و زیاتر ڕەنگ و بۆنێکی خەیامیی هەیە، هۆکاری ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەیام لەهەمو ئەوانەی باسیان کردوە، زیاتر جەختی لێ کردۆتەوە و لە چەندان چوارینەدا باسی کردوە. نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چوی هەر چوی (هەژار، ٢٠١٤، ١٤٥)

**٢-١-٤- بیرهێنانەوەی مەرگ و کورتی ژیان و لەنێوچونی و نەمانی بۆ هیچ کەس:** خەیام ئەم ئەندێشەیە بە ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر باسدەکات و لەڕێگەی جیاجیا لە چوارینەکانیدا دەریدەبڕێت، هەمیشە پێمان دەڵێت ئەم دنیایە تاسەر بۆ هیچ کەس نەبوە و نابێت، بۆ سەلماندنی ئەندێشە و قسەکانیشی نمونە بە ئەوانە دێنێتەوە کە لە لوتکەی دەسەڵاتدابون و توانایان بەسەر هەمو شتێکدا شکاوە لە دنیادا، بەڵام بەرانبەر مەرگ بێ دەسەڵات بون، لەوانە پاشاکان، یان ئەوانەی لە ترۆپکی جوانیدابون و زەمانێک پێیانوابوە کە ئەو جوانییەی هەیانە سەرمایەیەکی هەتاهەتاییە.

**٢-١-٥- چارەنوسی نوسراوی مرۆڤ و بێ دەسەڵاتی لەبەرانبەریدا:** خەیام بابەتی بێ دەسەڵایی مرۆڤ بەرانبەر چارەنوسی خۆی دەوروژێنێت، کە ئەگەر مرۆڤ چارەنوسی دیاریکرابێت و ئەوەی کە ڕودەدات لەچارەی نوسرابێت و بۆخۆی هیچ دەخل و ڕۆڵێکی نەبێت تێیدا، کەوابێت پێویست ناکات خۆی ماندو بکات و هەوڵی گۆڕینی بدات، چونکە ئەوەی پێویستبێت ڕوبدات ڕودەدات، ئەم بیر و ئەندێشەیەی لە چەندان چوارینەدا بە شێوازی جۆراوجۆر خستۆتە ڕو.

## ٢-٢- ڕەنگدانەوەی ئەندێشەی خەیامی لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا(١٩٢٠ – ١٩٧٠)

کاریگەری خەیام و ڕەنگدانەوەی ئەندێشەکەی لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا و لەم قۆناغەدا بەجۆرێک بوە کە ناوی خەیامیان هێناوە وەک سەرخۆش و مەینۆش، بەڵام کە کاریگەریان لێوەرگرتوە قوڵایی ئەندێشەکەیان وەرگرتوە، وەکو ئەو چەند خاڵانەی پێشتر باسمان کرد کە بنچینەکەی فەلسەفەی مردن و ژیانە. ئەوەش دەگونجێت بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە تاکو ئەو کاتەش ئەگەرچی کرانەوەیەکی فکری زۆر هەبوە، بەڵام وەکو خەیام بێ پەردە نەیانتوانیوە بیروبۆچونی خۆیان دەربڕن، جا ئەوەی کە ناوی خەیامیان ئاوا هێناوە وقسەیەک هەیە دەڵێت: نەقڵی کوفر کوفر نییە، واتە لەسەر کەسایەتیی و شاعیرییان ناکەوێت، بەڵام کاریگەریی شتێکی دیکەیە و دەبێتە موڵکی شاعیر و ئەو لێی بەرپرسە.

دیارە کە ئەندێشەکە بە ڕونی و بە ئاشکرایی لە شیعری شاعیرانی ئەو ماوەیەدا هەیە، بە زەقیش هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئێمە بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوەی ئەو کاریگەرییە لە وردەکاریی لێکچونەکان وردبوینەوە و بەراوردمان کردون، بەراوردەکەشمان لەم چەند بوارەی ئەندێشەی خەیامیدا هەست پێکردون و هەمو بوارەکان نین:

**٢-٢-١- نەگەڕانەوەی مرۆڤ دوای مردن بۆ ژیانی دنیا:** ئەم بابەتە بەشێکی گرنگ و بەرچاو لە ئەندێشەی خەیام پێکدەهێنێت و لە چوارینەکانیدا بە شێوەی جیاجیا ڕەنگیانداوەتەوە و باسی کردون و کەم و زۆر ئەم ئەندێشەیە لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاست لەم قۆناغەدا ڕەنگیانداوەتەوە، وەکو (خەیام) لەم چوارینەیەدا دەڵێت:

بسیار بگشتیم به گرد در و دشت،
اندر همه آفاق بگشتیم به گشت؛
کس را نشنیدیم که آمد زین راه
راهی که برفت، راهرو بازنگشت! (هدایت، 1384، ٦٩)

واتا:

ئای کە زۆر گەڕاین بە دەر و دەشتا،
دنیامان بێژا لە گێڵ و گەشتا،
لەم ڕێگای چون و نەهاتنەوەدا
کەسێک توش نەبوین لە بازگەشتا! (گۆران، ١٣٨٩، ٣٨٠)

(کەمالی) شاعیریش بە کاریگەریی ئەم ئەندێشەیە و ناوەڕۆکی ئەم چوارینەیە دەڵێت:

هەرکەسێ ئەڕوا خەیاڵی هاتنەوە ناکا ئەبەد
سەیری چەند دڵگیر و خۆشە خاکی سەحرایی عەدەم (کەمالی، ١٩٨٦، ٩٠)

هەروەکو دیارە هەمان ناوەڕۆک و مەبەستی چوارینەکەی (خەیام) دەردەبڕێت، بەڵام بە شێوازێکی جوانتر و بە مانایەکی هونەریی تر شیعرەکەی خۆی ڕازاندۆتەوە و پەنای بۆ یەکێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی بردوە، ئەویش جوانی بایسە و ئەوەش وایکردوە کە شیعرەکە چێژی لە شیعرە کاریگەرەکە زیاتربێت و جوانتربێت، چونکە هەروەکو دیارە کە مردن و نەگەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ئەم دونیایە لە دوای مردن هۆکاری ڕاستەقینەی خۆی هەیە، بەڵام شاعیر هاتوە مانایەکی تازەتری

بەهۆی جوانی بایسەوە بۆ داتاشێوە، ئەویش ئەوەیە کە هەوای ئەودنیا خۆشترە[٧] بۆیە مرۆڤ دوای مردن حەزی لێنییە بگەڕێتەوە بۆ ئەم دنیا.

**٢-٢-٢- بیرهێنانەوەی مەرگ و کورتی ژیان و لەنێوچونی و نەمانی بۆ هیچ کەس:** بابەتی بەبیرهێنانەوەی مەرگ و کورتی ژیان و لەنێوچونی و نەمانی بۆ هیچ کەس، زیاتر بە دو شێوە دەربڕاوە: یەکەمیان نمونە بە دەسەڵاتداران و پاشا و سوڵتان و ئیمپراتۆرە گەورەکانی دنیا هێنراوەتەوە، ئەمەش بەمەبەستی جیاجیا لە شیعری کوردیدا هاتوە، هەروەها دوەمیان بە جوان ڕویان و ڕو وەک مانگان و نازەنینان هێنراوەنەتەوە کە نمونەی جوانی بون و لە دنیادا ئەو جوانی و شۆخ و شەنگییەیان بە سەرمایەیەکی نەبڕاوە زانیوە، بەڵام بێدەسەڵات بەرانبەر مردن وەستاون و مەرگ ڕەحمی بەوانیش نەکردوە، خەیام لەهەردوک بارەکەدا ڕوی لە مرۆڤە بەگشتی و کەسێک یان چینێکی دیاریکراوی مرۆڤی مەبەست نییە، بەڵکو پەیامەکەی پەیامێکی مرۆڤایەتییە. ئەمەش زیاتر لە نمونەکاندا ڕوندەکەینەوە:

ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن کە خیام باسی ئەم بابەتەی تێداکردون و لە شیعری کوردی ئەم قۆناغەی کرمانجی ناوەڕاستدا ڕەنگیانداوەتەوە:

ای دیــده اگر کورنی گور ببین
وین عالـم پر فتنه و پر شـور ببیـن
شاهان و سران و سروران زیر گلنـد
روهای چو مه در دهـن مـور ببین (خیام، 1391، 79).

واتا : ئەی دیدە ئەگەر بەڕاستی کوێر نی تاوێک لە گۆڕ و گۆڕستان و ئەم دنیا پڕ لە فیتنە و هەرا و ئاژاوەیە ڕامێنە، جا دەبینی پاشا و سەرکردە و گەورەکان لەژێر گڵ و ڕوخساری وەک مانگی جوانان کە بونە بە خاک و خۆڵ بەدەم مار و مێروەوە.

خیام:

هـر ذره کە در خاک زمینی بوده است
پیش از من و تو تاج و نگینی بوده است
گرد از رخ نازنین به آزرم فشـان
کـانهم رخ خـوب نازنینی بوده است (هەژار، ٢٠١٤، ٦٩)

واتا:

هەر خۆڵێ کە دیت چ زۆر چ تۆزکاڵێ بو
کێلگەردن و کوڵمەسور و چاوکاڵێ بـو
شەرمێ بکە تۆزی دەتەکێنی بەرگـت
ئەو تۆزە گڵی ڕومـەتی لێوئاڵێ بـو (هەمان سەرچاوە، ٦٨)

ای چـرخ فلک خرابی از کینه توست
بیدادگری شیوه دیرینه تـوسـت
ای خاک اگر سینـه تـو بشکـافند
بس گوهـر قیمتی کە در سینه توست (هەمان سەرچاوە، ١٠))

واتا:

پیش از من و تو لیل و نهاری بودەست

گردنده فلک نیز به کاری بوده است
هر جا که قدم نهی تو بر روی زمین
آن مردمک چشم نگاری بودەست (هەمان سەرچاوە، ١١)
خاکی که به زیر پای هر نادانی‌ست
کف صنمی و چهره جانانی‌ست
هر خشت که بر کنگره ایوانی‌ست
انگشت وزیر یا سر سلطانی‌ست (خیام، ١٣٩١، ٢٠)
واتا:
خاکێ کە لەژێر پێ و پلی شوانانە
سنگ و مەمک و کوڵم و دەمی جوانانە
هەر خشتێ لە لاقوژبنی دیوارێکە
یان شانی وەزیرە یان سەری سوڵتانە (هەژار، ٢٠١٤، ٩٨)

هەروەکو گوتمان ئەم بابەت و ئەندێشەیە لە دو لایەنەوە خۆی دەنوێنێت، لایەنێکیان پیشاندانی لەنێوچونی ئەو جوانانەی کە خاوەن سەرمایەی جوانی و شۆخ و شەنگیی بون ئەمەش لە دەستەواژەکانی (خاکی که به زیر پای هر نادانی‌ست کف صنمی و چهره جانانی‌ست، روهای چو مه در دهن مور ببین، گرد از رخ نازنین به آزرم فشان، ای خاک بس گوهر قیمتی که در سینه توست، هر جا که قدم نهی تو بر روی زمین آن مردمک چشم نگاری بودەست)، لایەنەکەی دیکەشیان ئاماژەکردنە بۆ لەنێوچونی پاشا و سوڵتان و دەسەڵاتدارەکان، ئەمەش لە دەستەواژەکانی (شاهان و سران و سروران زیر گلند، هر خشت که بر کنگره ایوانی‌ست انگشت وزیر یا سر سلطانی ست). ئەمانە و چەندان نمونەی دیکە لە چەندان چوارینەی دیکەی خەیام ڕەنگیانداوەتەوە و لەچەندان نمونە لە شیعری کوردی ئەم قۆناغەدا دەردەکەون.

بونمونە هەردی لە شیعری (ئەی دیدەپەری)دا دەڵێت:
ئەی دیدە پەری! بەو دەمە، بەو کوڵمە گوڵینە
بۆکەس نی یە تاسەر، ئەوەرێ: ئەم گوڵی ژینە
تاسەر نییە ئەم نازە، وەها دوری مەبینە
ئەو چاوە گەلاوێژە خەڵاتی کە برینە
ئەو زولفە کە ئێستاکە دوتوێی عەنبەری چینە،
ڕۆژێکی کە دێ، تێکەڵی دوتوێی خاکی زەمینە
ئەو گەردەنە بێگەردە کەوەک تەختی بلورە،
ئەو لێوە کە وەک خونچە تەڕ و ناسک و سورە
لای وایە کە ژین فانی نییە و ڕێگەیی دورە:
نایزانێ کە هەر پەنجەیێ لەم خاکی زەمینە
کوڵمی دە هەزار لەیل و دەمی سەد (مەم و زین)ە
ئەم چەند قسەیەم، وتوە بەتۆ، ئەمڕۆ بەچاکی
گەرچی ئەشیزانم دڵی بەردت نییە باکی!

مەڕوانەرە ئەمرۆکە بە ڕومەت گوڵی تـاکی
بڕوانە سبەینێ کە لەنێو دامەنی خـاکی!
سـەد لەیلی وەکو تـۆ بوە لەم ڕۆشنی ژینـە
ئێستـاکە لەناو، جەرگەیی تاریکی زەمینـە! (هەردی، 1984، 52)

هەروەکو دیارە مەبەستی سەرەکی شیعرەکە بریتییە لە گلەیی لە دلداریدا، لەڕێگەی ئەم گلەییەوە باسی مەرگی جوان ڕویان و شۆخ و شەنگان دەکات کە بەهۆی مەرگ و مردنیان ئێستا بەشێکن لە خاک و ئەوەش بەڕونی لە دەستەواژەکانی (ئەو زولفە کە ئێستاکە دوتوێی عەنبەری چینە، ڕۆژێکی کە دێ، تێکەڵی دوتوێی خاکی زەمینە، نایزانێ کە هەر پەنجەیێ لەم خاکی زەمینە، کوڵمی دە هەزار لەیل و دەمی سەد (مەم و زین)ە، سەد لەیلی وەکو تۆ بوە لەم ڕۆشنی ژینە ئێستاکە لەناو، جەرگەیی تاریکی زەمینە)، ئەمانە ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو دەستەواژانەی خەیامن کە لەو چوارینانەی باسمان کردن و چەندان چوارینەی دیکەدا، هاتون. جیاوازییەکە لەوەدایە کە خەیام بەگشتی و بۆ بەبیرهێنانەوەی مردن و کورتی ژیان باسی دەکات و ڕوی دەمی لە مرۆڤایەتییە، بەڵام لە شیعرەکەی (هەردی)دا دەکرێت کەسێک بێت کە خۆشەویست و دڵدارییەتی، ئەمەش بێگومان ڕەسەنییەت و جوانییەکی زۆری بە شیعرەکەی هەردی بەخشیوە.

هەروەها لە بەشێکی چوارینەیەکدا کە بۆ مەرگی (مەهتابی شێخ جەلالی شێخ ڕەشید) نوسیویەتی دەڵێت:
کە ڕابوردی بە ئەسپایی، لەسەر ئەم خاکە پێ دانێ
کە مەهتابێکی تێدایە، مەگەر ئەو خوایە بیزانێ! (هەردی، 1984، 91)

وشەی (مەهتاب)ی بە جۆرێک بەکارهێناوە کە هەم مانای ناوەڕاستەقینەکە بدات، هەم بۆ وەسفی جوانی ئافرەیشی بەکارهێناوە کە بەواتای مانگەشەو دێت و بەهەمان ئەندێشەی خەیام ئەویش مەرگی جوانانمان بەبیردێنێتەوە. واتە ئەگەرچی بۆ مەبەستی وەسف و لاواندنەوەی (مەهتاب) ناوێک نوسراوە، بەڵام ئاماژەیەکی جوان و ڕونی گشتیشی تێدایە بۆ وەسفی جوانی ئافرەت و نەمانی لە ژیاندا.

هەژاریش لە بەیتە شیعرێکیدا دەڵێت:
زانیوتـە میـوە بۆچی شیرینە
شەکرلێو نوستون لەو ژێر زەمینە (هەژار،1385، ٤٢١)

شاعیر دەیەوێت بڵێت کە میوەکان شیرینییەکەیان لە جوانە لێوشەکرەکان وەرگرتوە، کە ئێستا مردون و لەژێر خاکدان، ئەمەشیان بێگومان بەکارهێنانی هونەری جوانی بایسە کە شیرینی میوەکان هۆکارێکی سروشتی خۆیان هەیە، بەڵام شاعیر بۆ جوانترکردنی بابەتەکە ئەم هۆکارەی هێناوەتەوە، ئەمەش هەمان تەکنیکی دەربڕینی فەلسەفەی مەرگ و ژیانە لەلایەن خەیامەوە. کەمالی شاعیر بەکاریگەری ئەم جۆرە ئەندێشەیەی خەیامی دەڵێت:

زەوی ڕازی خۆی ئاشکرا ئـەکا ئەگەر
ئەوەی وا لـە دڵیایـە بیخـاتە دەر
ئـەبینـی لە شیرین سـواران پڕە
لـە شـاهـەنشا و و تاجداران پڕە
پــڕی مەردی زانایی دەریا دڵە
پڕی نازەنینانـی ڕومەت گوڵـە
تکایە برای خۆشەویست و عــەزیز
بەسـەریا مـەڕۆ تۆ بەدەعیـە و فیز
کە ئەم خاکە گۆنــایە لیوە دەمە

خەت و خاڵە سینە و برۆ و پەرچەمە

زەمانێ ئەمانیش لەسەر ڕوی زەمین

گەڕاون بەکامی دڵ و پێکەنین

بە دەردی دڵی زویر و خەمناکەوە

لەپاشان هەمو چونە ژێر خاکەوە (کەمالی،1986،163)

ئەم دێڕەی سەرەتا کە دەڵێت:

زەوی ڕازی خۆی ئاشکرا ئەکا ئەگەر

ئەوەی وا لە دڵیایە بیخاتە دەر (هەمان سەرچاوە)

تاڕاددەی وەرگێڕان نزیکە لەم نیوە چوارینەی خەیام کە دەڵێت:

ای خاک اگر سینە تو بشکافند

بس گوهر قیمتی کە در سینە توست (خیام، ١٣٩١، ١٠)

ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە، کە شیعرەکە لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی پڕییەتی لەم دەستەواژانەی خەییام، کە نوسیومانن و ئەم جۆرە ئەندێشەیان تێدایە، لە نمونەی (ژێر ئەم خاکە پڕە: لە شیرین سواران، پڕە لە شاهەنشا و تاجداران، پڕی مەردی زانایی دەریا دڵە، پڕی نازەنینانی ڕومەت گوڵە، کە ئەم خاکە گۆنایە لێوە دەمە، خەت و خاڵە سینە و برۆ و پەرچەمە) شاعیر لەڕێگەی باسکردنی ئەم ئەندێشەیەوە دەیەوێت ئامۆژگاریمان بکات کە لە فیز و لەخۆبایی بون دوربکەوینەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە و پشتڕاستی ئەوکارتێکردنەی ئەندێشەی خەیامی دەکاتەوە، ئەوەیە کە زۆربەی شاعیرانی کوردی ئەم قۆناغەش بەهەمان شێوەی خەیام ئەم ئەندێشەیە بە دو شێوازی مەرگی پاشا و سوڵتانەکان و نازەنین و جوان ڕویان بە نمونەی فەلسەفەی مەرگ و ژیان دەهێننەوە.

هەروەها خەیام لەم چوارینەیەدا دەڵێت:

آن قصر کە جمشید در او جام گرفت

آهـو بچە کرد و روبە آرام گرفت

بهرام کە گور می‌گرفتی همـە عمر

دیدی کە چگونە گور بهرام گرفت (خیام، ١٣٩١، ٨)

واتا:

لەوکۆشک و سەرایەدا کە جەم جامی گرت

ڕێوی تـرەکیـوە، مامـز ئارامی گرت

بارام کە هەمو ژیانی خـۆی گۆڕی دەگرت

دیتت بە چ جۆرێ گۆڕێ بارامـی گـرت؟!(هەژار، ٢٠١٤، ٧)

بەهەمان شێوە باسی توانا و دەسەڵاتی جەمشیدی خاوەن تاج و تەخت دەکات کە ئێستا بەهۆی مەحکوم بونی بەمەرگەوە تەختی جەمشید کەلاوەیەکی هێندە چۆڵە کە ئاسکی سڵ و ترسنۆک بە ئارامی تێیدا دەزێ، ئینجا باسی دەسەڵاتی شا بەهرامی چوبین دەکات کە ڕاوچییەکی هێندە بەتوانا و بەدەسەڵاتبوە لە (گۆڕ – کەرە کێوی – زێبرا) گرتن، بەڵام ئێستا (گۆڕ – قەبر) گرتویەتی و مردوە. خیام دو جار وشەی (گور)ی بە دو مانای جیاواز بەکارهێناوە.

پیرەمێردی شاعیریش لە بەیتێکی پەند ئامێزدا بە کاریگەریی ئەم چوارینەیە دەڵێت:

خوا ڕێی ڕاستان لەکەس نەگۆڕێ

بارام بۆ گورێ خۆی خستە گۆڕێ (پیرەمێرد، ٢٠٠٧، ٣٩٢)

**٢-٢-٣- چارەنوسی نوسراوی مرۆڤ و بێ دەسەڵاتی لەبەرانبەریدا:** ئەگەرچی ئەم ئەندێشەیە بەهۆی وروژاندنی پرسیاری هەستیارەوە لەلایەن خەیامەوە کە لە خالقی دەکات کەم ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت لە شیعری کوردی ئەو ماوەیەدا هەبوە، خەیام بۆ دەرخستنی ئەم ئەندێشەیە چەندان چوارینەی نوسیوە، یەکێک لە چوارینەکان ئەمەی خوارەیەوەیە:

یزدان چو گل وجود ما می آراست
دانست ز فعل ما چه بر خواهد خواست
بی‌حکمش نیست هر گناهی که مراست
پس سوختن قیامت از بهر چه خواست؟ (هەژار، ٢٠١٤، ٥)

واتا:

ئەو ڕۆژە خودا سانی گیانی ڕانا
دەیزانی بە کردەوەم، خودایە و زانا
هەر خۆیەتی دایناوە هەڵە و سەرپێچیم
سوتانی جەهەندەمی لەبەر چی دانا؟!(هەمان سەرچاوە، ٤)

(پیرەمێرد)یش لە شیعری (خواناسی)دا دەڵێت:

هەر کردەوەیەک لەمن ڕویداوە
لەپیش کردندا لای تۆ نوسراوە
کە لەو تەختەیەی لای تۆ نوسرابێ
کێ ڕێی دەکەوێ بڵێ وانابێ؟ (پیرەمێرد، 2012، 358)

هەروەکو دیارە پیرەمێردیش هەمان ئەندێشەی خەیامی لە شیعرەکەدا هێناوەتەوە، ئەمە خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، بەڵام پیرەمێرد وەکو خەیام پرسیار ناکات کە بۆچی کە دەسەڵاتم بەسەر چارەنوسی خۆمدا نەبیت سزای جەهەندەمم بۆدانراوە؟ ئەو تەنیا باسی چارەنوسی نوسراوی مرۆڤ و بێ دەسەڵاتی لەبەرانبەریدا دەکات لەلایەن خالقەوە و وەکو موسوڵمانێک کە ئاگاداری ئەم ئەندێشەیەیە باسی دەکات، نەک وەکو خەیام بە قوڵی فەلسەفی.

## ئەنجام:

١- لەناو ئەو شاعیرانەی ئەم قۆناغە، کە کاریگەریی ئەندێشەی خەیامییان کەوتۆتە سەر و لەم توێژینەوەیەدا نمونەی شیعرەکانیان خراوەتەڕو، دەکرێت بڵێین کە کاریگەرییەکە لە سێ خاڵدا زیاتر خۆی دەنوێنێت: ١- نەگەڕانەوەی مرۆڤ دوای مردن بۆ ژیانی دنیا. ٢- بیرهێنانەوەی مەرگ و کورتی ژیان و لەنێوچونی و نەمانی بۆ هیچ کەس. ٣- چارەنوسی نوسراوی مرۆڤ و بێ دەسەڵاتی لەبەرانبەریدا)، زۆرترین کاریگەیشی لە ئەندێشەی (بیرهێنانەوەی مەرگ و کورتی ژیان و لەنێوچونی و نەمانی بۆ هیچ کەس)دا بەرچاودەکەوێت و ئەمەش بە نمونەی شیعری لە توێژینەوەکەدا سەلمێنراوە.

٢- هاتنەناوەوەی ناوی خەیام و ئەندێشەکەی و وەرگێڕانی چوارینەکانی بەم ڕێژە زۆرە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردییەوە دەکرێت بۆ ئەو کرانەوە فکریی و نوێگەرییە بگەڕێتەوە، کە لەم قۆناغەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا پەیدابو.

٣- وێڕای کەوتنە ژێرکاریگەریی خەیام، بەڵام بەشێک لە شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی کاریگەریی خەیامیان کوێرانە نەکەوتۆتە سەر، بەڵکو بە زۆریی بۆ مەبەستی دیکە خواستویانە و هەندێکجار لە دەقە کارتێکەرەکە جوانتر گوزارشتیان لە بابەتە وەرگیراوەکە کردوە.

٤- شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی ناوی (خەیام)یان وەک سەرخۆش و مەینۆش هێناوە لە شیعرەکانیاندا، بەڵام کە کاریگەریی ئەندێشەکەیان کەوتۆتەسەر، قوڵایی ئەندێشەکەیان وەرگرتوە، کە بنچینەکەی فەلسەفەی ژیان و مردنە، ئەمەش دەگونجێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە وەکو خەیام نەیانتوانیبێت ئاوا قوڵ و فەلسەفی و بێ پەردە دەربیبڕن.

## پەراوێزەکان:

i - هۆکاری نوسینی ئەم شیعرە لەلایەن شاعیرەوە، وێرانکردنی دێهاتی کوردەواریی و ڕەز و باخەکانی بون لەلایەن بەعسییەکانەوە.

ii - دەگێڕنەوە کە لە مانگەشەوێکدا خەیام خەریکی مەیخواردنەوەبوە، لەناکاو بایەکی بەهێز دێت و گۆزەی شەرابەکەی بەردەداتەوە و دەشکێت، خەیامیش بە شێواویی بەخودا دەڵێت:

ابریق می مرا شکستی ربی،
بر من در عیش را ببستی ربی،
من می خورم و تو میکنی بدمستی
خاکم به دهن مگر تو مستی ربی؟ (صادق هدایت، 1389، 7)

iii - یەکێکە لە کۆڵانە کۆنەکانی شاری مهاباد، جێگە مەیخانە بەزمی لاوانە.

iv - لە موکریان بە (جولەکە) دەڵێن:(جو)، بۆیە وشەی (جوان) کۆی وشەی (جو)یە.

v - هەژاریش لە لە شیعرێکی نزیک لە واتا و مەبەستی ئەم شیعرە دەڵێت:

هەواکەی خۆشە مەڵبەندی نەبون
هەموکەس بەتای کراسێک نوستون (هەژار، 1385، ٤٢١)

## - سەرچاوەکان:


ئاشنا، ئومێد(2008)، دیوانی بێکەس، سنە، چاپی یەکەم.

ئەحمەد شوان، ئیبراهیم(2014)، بەراوردی ئەدەبی، چا. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

باپیر، کەمال عەلی(1986)، دیوانی کەمالی، بغداد، مطبعە دارالشوؤن الثقافیة العامة.

پیرەمێرد(٢٠٠٧)، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی فایەق وشیار و هاوڕێکانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

پیرەمێرد(دیوان)(2012)، کۆکردنەوە و پەراوێزنوسینی (محمد رسول(هاوار))، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری، چاپخانەی شڤان، چاپی دوەم.

خەزنەدار، مارف (2007)، ئەدەبی بەراوردکاری و پەیدابونی لای ئێمە، گ. ئەکادیمی، ژ5، هەولێر.

خەیام(٢٠١٤)، چوارینەکانی خەیام، و.هەژار، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی.

دیلان(دیوان)(2013)، ئامادەکردن و لێکدانەوە ی پەراوێز و پێشـــەکی نوســـین (د.عەبدولا ئاگرین)، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دوەم، هەولێر.

زەنگبادی، جەلال(2013)، «چوارینەکانی خەییام لە زمانی کوردیدا»، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (197).

قانیع(دیوان) (1390)، کۆکردنەوەی(بورهان قانیع)، نشر پانیذ، چاپخانەی داڵاهۆ، چاپی شەشەم، تهران.

گۆران(دیوان)(1389)،کۆکردنەوەی محمدی مەلا کەریم، نشر پانیذ، چاپخانەی داڵاهۆ، چاپی چوارەم، تهران.

گەردی، عەزیز(1978)، ئەدەبی بەراوردکاری، چا. کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

هەردی، ئەحمەد(١٩٨٤)، ڕازی تەنیایی، بڵاوکراوەی کتێبخانەی سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، چاپی دوەم، هەولێر.

هەژار(1385)، بۆکوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (هەژار)، چاپی شەشەم، سنە.

اسداللهی تجرق، اللهشکر(١٣٧٩ادبیات تطبیقی از(الف)تا (ی): مجله پژوهش ادبیات معصر جهان، شماره(٨).

خیام، عمر بن ابراهیم(1391)، رباعیان خیام نیشابوری، انتشارات محراب دانش، چاپ چهارم، تهران.

دشتی، علی(١٣٧٧)، دمی با خیام، انتشارات اساطیر، چاپ دیبا، تهران.

غنیمی هلال، محمد(١٣٧٣)، ادبیات تطبیقی، ترجمە و تحشیه وتعلیق، مرتضی آیت اللهزاده شیرازی، مؤسسه انتشارات امیرکبیر، تهران.

کویارد، ماریوس فرانسوا(١٩٥٦)، الادب المقارن، ترجمه محمد غلاب، قاهره، لجنه البیان العربی.

محسنی هنجنی، فریده(١٣٨٥)، انعکاس اندیشه خیام در آثار سعدی، نشریه دبیات عرفانی و اسطوره شناختی، شماره ٤.

نیکوبخت، ناصر – گاژا، رامون(۱۳۸۸)، پیشینه بن مایه گل انسانی شعر خیامی در منظومه های کلاسیک جهان: مجله جستارهای نوین ادبی، شماره ۱٦٦.
هدایت، صادق(1384)، خیام صادق، مجموعه¬ی آثار صادق هدایت درباره¬ی خیام، مقدمه و گردآورنده جهانگیر هدایت، تهران، چشمه، چاپ سوم.